چەند چەکدارێکی نەناسراو دەستیان بەسەر کەشتییەکی نەوتهەڵگری ئیسرائیلیدا گرت

بەرپرسێکی سەربازی ئەمریکا ڕۆژی یەکشەممە ڕایگەیاند چەند چەکدارێکی نەناسراو دەستیان بەسەر کەشتییەکی نەوتهەڵگری ئیسرائیلیدا گرتووە کە پەیوەندی بە کۆمپانیایەکی ئیسرائیلییەوە هەبووە لە کەنداوی پایتەختی وڵاتی یەمەن، ئەمەش پشتڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییانەیە کە پێشتر لایەن کۆمپانیایەکی ئاسایشی دەریاییەوە ڕاگەیەندرا.

کاربەدەستەکە وتی: "ئاماژە هەیە کە ژمارەیەکی نەناسراو لە چەکدارانی نەناسراو لە 26ـی تشرینی دووەمدا کۆنترۆڵی بارهەڵگری + Park Central MV + یان لە کەنداوی عەدەن کردووە"، ئاماژەشی بۆدا "هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان لە نزیک ناوچەکەدان و ئەمە لە نزیکەوە چاودێری بارودۆخەکە دەکەین" دوای زنجیرەیەک هێرشی هاوشێوە لەسەر هەمان ڕێگای کەشتیوانی کە لە ندماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا ڕوویدا.

کۆمپانیای ئاسایشی دەریایی Embry ڕۆژی یەکشەممە (26ـی تشرینی دووەمی 2023) ڕایگەیاند کە کەشتییەکە خاوەندارێتی کۆمپانیایەکی بنکەی لە بریتانیایە و پەیوەندی بە ئیسرائیلەوە هەیە و وتیشی: "هێزی دەریایی ئەمریکا لە ئاگاداری بارودۆخەکەدایە".